www.kurdistannet.org

بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 22:28 28-11-2006

## کۆنگرەی 11کۆمەڵە سەرکووتوانە کوتایی پێ هات! ... کاروان عەلیمرادی

کۆنگرەی کۆمەڵە لە هەلومەرجێکدا ئەمرۆ تەواو دەبێ کە نەك هەر شوێنی هەڵسوڕانی خویان، بەڵکوو هەموو ناوچەکە لە بەردەم ئاڵوگۆڕ و گۆڕانکاری زۆر جیددی و گرنگ دایە.

بەڵام بەداخەوە کۆمەڵە لە کۆنگرەی 11ی خۆیدا کە 7 تا 8 ڕۆژ درێژەی کێشا، نەك هەر بایەخێکی ئەتویان بە ڕوداوەکانی ڕوژانەی دەورو بەری خۆیان نەدا، بەڵکو تەواویی کاتەکەیان بە باسی ئێختلافاتی ناوخویی تێپەر کرد. کێشەکان، دیارە لە سەر گەورەبونەوەی کۆمەڵە و دابڕانی تەواو لە حیزبی کۆمۆنیست و بایخی زیاتردان بە کێشەی خەڵکی فەقیر و هەژاری کوردستان و دابران لە حیزبی ئیدیولوژیەوە، بۆ حیزبی سیاسی و زۆر شتی تر کە لە ڕاستیدا هەمووی بە قازانجی کۆمەلانی فەقیر و هەژاری کوردستان بوو، بەڵام بەداخەوە خوی لە هەموو ئەم شتانە دزیەوە. چۆن بەڕێوەبەری ئەم ڕەوتە لە بنەرەتدا لە سەر مەحفەلیزم ساغ بۆتەوە، قسەی کەسیان بۆ ناچێتە سەر، بەم شێوە کە باسم کرد کونگرەی 11 دەستی پێ کرد، هەر لە سەرەتاوە بە بوغزو کینەو قرەو هەراوە دەستی پێ کرد. سکرتێر و کۆمیتەی ناوەندی هیچ گوزارشێکیان نەبوو کە بە پێی یاسای پێشوو دەبوایە لە پێشدا پێشکەش بکرێ، تەنانەت هەڵبژاردنی کۆمیتەی ناوەندی تازەی تیا نەکرا، ئەمە بۆ یەک ساڵ دوا خرا. هیچ باسێکی تازە نەکریەوە، هەر بویە بەشێک لە هاوڕێیانیان شتێکیان ئامادە کرد و لە لایەن یەکێك لەوان پێشکەش کرا کە جەنابی سکرتێر هەر دەماودەست حەساسیەت و دەمارگرژی خۆی نیشان دا و ووتی نە ئاوازدارێژەکەم قەبووڵە و نە ئاوازبێژەکە، چۆن جەنابی سکرتێر بۆ خۆی ئێستا بۆتە رەئیسی باندێکی کارنەکرو تەممبەڵ، تەنانەت ئەمانە هیچ باوەڕێکیان بە خودی سکرتێریش نەماوە، ئەمانە حەزناکەن یەك نەفەر بە کۆمەڵەوە زیاد بێ، ئەمانە لە سەر ئە وباوەڕەن کە کۆمەڵە هەر دەبێ لەو قالبەدا بمێنیەوە، بۆ ئەوەی نەوەك جێگایان پێ لێژ بێ، هەر بویە ئەکەونە گێرەو کێشەی زۆری ناوخویی و پیلانگێرێ و کار و ئاکاری ناپەسەند. بە هەرحاڵ ئەم کۆنگرە بەتەواوی کەوتە بنبەستەوە و بە ناوی مەسلەحەتی کۆمەڵە بۆ یەك ساڵی داهاتو وەدوا کەوت. دیسان وەک جاران ڕاستییەکان دەشارنەوە و خەڵکی پێ فریو دەدەن، بەڵام خەیاڵیان خاوە ئەو زەمان ڕۆیشت، یان دەبێ لە گەڵ بەرژەوەندی خەڵکی هەژار و زەحمەتکێشی کوردوستان بن، یان دەبێ وەك هەمو ئەو چەپە ئیفراتیانە بچنە ناو زبڵدانی مێژووە. دیارە کۆمەڵە بە هۆی ئەوە کە لە کوردستان جێگای حیزبێکی مدەنی و سێکولاری تیا خالیی بوو، خەڵکانیکی زۆر رویان تێکرد و لە ماوەیەکی زۆر کورت بوو بە حیزبێکی ناو گۆرەپانەکەوە و جێگای خوی هەر زوو لە ناو کومەلانی خەڵکی کوردستان کردەوە. هەڵبەت دوو هۆی ئەسلیشی هەبوو، یەکیان بۆ خوتان ئەزانن کۆمەڵە مێژویەکی پڕ لە شانازی هەبوو و کۆمەڵێك تێکوشەری باشی تیا شەهید و بریندار بوو. ئەوان لەو ناوە کەڵکیان وەرگرت، ئەو هۆیەکەی دیکەش لە سەرەوە ئاماژەم پێکرد، ویستی خەڵک بۆ دابینکردنی کۆمەڵگایەکی سێکۆلار و بۆشایی ڕێبەریەکی ووشیار و سیاسی کە بتوانێ قازانج و بەرژەوەندی کرێکاران و زەحمەتکێشان دابین بکا.

کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان، ئەندامان و ئەمەگدارانی ڕێبازی کاک فواد موستەفا سوڵتانی و کاک حەمەحوسێنی کەریمی و دکتور جەعفەر شەفیعی و کاک سدیق کەمانگەر و دەیان ڕابەری خۆشەویستی گەلی کوردستان!

کۆمیتەی ناوەندی و بەشێک لە کادرەکانی ئەم حیزبە جارێکی دیکە کۆمەڵەیان خستۆتە بەر تاقیکردنەوەیەکی مەترسیدار و بێ گەڕانەوە. جارێک کۆمەڵەیان بە حیزبی کۆمۆنیست بەخشی و لە ڕەوت و ڕێچکەی خۆی دایانبڕی، جاری دوایی کۆمەڵەیان پارچەپارچە کرد و هەر بەشەی لایەنێک بۆ

خۆی دایبڕی و هەر لەتکەی ئێستاش بەدەست تاقمێکەوە قەدتیس ماوە. چارەنووسی هیچ پارتییەک ئەوەندە دڵتەزێن و لێڵ و نادیار نەبووە.ساڵی 2000 دەنگۆی ساغبوونەوەی کۆمەڵە هاتە ئاراوە، سەدان کەس هاتنەوە گۆڕەپانی سیاسەت و دەنگی خۆیان بۆ دیفاع لە ڕەوتی ساغکردنەوەی کۆمەڵە دەربڕی، سەدان کەسیش ڕۆژانی ڕابردوویان دێنا بەرچاوی خۆیان و بڕوا و متمانەیان بە هیچ کام لەم تاقم و دارودەستانە نەمابوو و جارێکی دیکە حازر نەبوو خۆیان گیرودەی تاقیکردنەوەیەکی بێ سەیروسەمەر بکەن، ئێستا دوای 6 ساڵ زیاتر بۆمان دەرکەوێ ئەو کەسانەش کە بە دڵی ئاوەڵەو هاتنەوە گۆڕەپانەکە، ڕەنجیان بەخەسار چوو و زانیان پاشنەی ئاشیل و چارەنووس و داهاتووی کۆمەڵە لە دەستی چەند کەسێکی دیاریکراو دایە کە بە ملْک خۆیانی دەزانن و قازانج و بەرژەوەندی کرێکاران و زەحمەتکێشان بۆ ئەوان وەکو ووشەیەکی جوان و ڕازاوە زیاتر نییە.